# بەش..... شێوەکاری

# کۆلێژ..... هونەرە جوانەکان

# زانکۆ .... سەلاحەدین

# بابەت ..... رەنگ (وێنە کێشان)- ٤

# پەرتووکی کۆرس – (٤)

# ناوی مامۆستا ... م.ی محمد ساڵح رۆستەم زادە ( نامۆ)

# ساڵی خوێندن: ٢٠٢٤/٢٠٢٣

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| Color 4 | 1. ناوی کۆرس |
| Mohammad S.Rostamzadeh | 2. ناوی مامۆستای بەر پرس |
| Plastic Art – Ftne Art | 3. بەش/ کۆلێژ |
| ئیمێل:namoart2004@gmail.com<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو):07504313723<br>Mohammad.rostamzadeh@su,edu.krd | 4. پەیوەندی |
| تیۆری : ١<br>پراکتیک: ٣ | 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک |
| ١٠ کات ژمێر لە هەفتەیەکدا – ٤ کات ژمێر بۆ ستودیۆ و ٦ کاتژمێر بۆ وانەی توێکاری مرۆڤ | 6. ژمارەی کارکردن |
| | 7. کۆدی کۆرس |
| لە کۆتایی سالّی ٢٠٠٦ دامەزرام و دەستم کرد بە وانە وتنەوە، وانەی دارشتن ، رەنگ٣ ، سالّی ٢٠٠٧ پلەی زانستی مامۆستای یاریدەدەرم وەرگرت، سالّی ٢٠٠٨ پێموابێ دارشتنی ٣ و رەنگی ٣ . سالّەکانی دواتر پتر وانە پراکتیکەکانم گوتوتەوە ، جگە لە دوو سالّ نەبێ هەتا ئێستا وانەی ستدیۆ دەلّیمەوە، ئەوەش لە بەر حەزی خۆم و ویستی فێرخوازان بووە، هەلّبەت فیدباکی فێرخوازان لە سەرم هی سالآنی پێشوو ئەو راستییە دەردەخات. پێوستە ئاماژە بە وەش بکەم وانە پراکتیکیەکان لە بوواری ئیش وکاری هونەریدا زۆر قورسترو گرانترە تا وانەی تیۆری ، لە بەر ئەوەی مامۆستای پراکتیکی دەبێ پسپۆری و شارەزایی تەواوی هەبێت تا قەناعەت بە فێرخوازانی بێنێت. | 8. پرۆفایەلی مامۆستا |
| Painting – Color – Texture – Matreal – Technique – out line – Deep – Huge – Visual Elementary ,... | 9. وشە سەرەکیەکان |

10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە کۆرسەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی کە پێویستە ئەم خالآنەی خوارەوە بگرتەوە:

- گرینگی ئەم کورسە لەوەدایە کە فێرخواز ئەو تیکنیکانەی وا تا ئێستا دەرفەتی فێر بوونی نەبووە فێر دەبێت و هەمیش یارمەتیەکە بۆ پتەو کردنی تۆکمەکردنی پرۆژەی کرداری کۆتاییان کە لە قەبارەی گەورەدایە .
- راهێنان لە سەر رەنگەکان ( رەنگە سارد و گەرمەکان، رەنگە دژ بەرەکان و دروستکردنی هارمۆنی ...،

**ڕاهێنان لە سەر تێکنیک گەلی جۆراوجۆر بە شفرە، دانانی ڕەنگەکان ، سڕینەوە، کڕاندن، ڕووشاندن، لکاندن و، ... بەکارهێنانی تێکسچێر بە شێوەی ڕاستەوخۆ یانیش ناڕاستەوخۆ سوود وەرگرتن لە فلّچەی ئازاد .**

- **ڕاهێنانە لە سەر تێکنیکی جیاواز بە فلّچە و شفرە و مەتریال و کەرەستەی جۆراوجۆر و شکانی ترس و فۆبیای قوتابیە.**
- **گرینگی دان بە فەزا و شوێن ، گرینگی دان بە دارشتن.**
- **بێگومان فێرخواز ، بە ڕاهێنان لە سەر ئەو بابەتانەی نێو کورسەکە شارەزاییەکی باش وەردەگرێت و ئەتوانێت ئامادە بێت لە دەرەوە کار بدۆزێتەوە و کار بکات .**

ئەمە لە ٢٠٠ وشە کەمتر نەبێت

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

تێگەیشتن و ناسینی پەیوەندی و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەگەڵ کەسانیتر ، دەگەڵ دەورووبەر و ژینگە و ئەو دۆخەی تێیدایە. ناسینی ڕەنگەکان و دروستکردنی هەنگاو بە هەنگاوی تابلۆ بە دارشتنێکی بە هێز لە فۆرم و ڕەنگ و ئاژ وساو. هەڵبژاردن و سوود وەرگرتن لە بەرهەمی گەورە هونەرمەندانی جیهانی، بە مەبەستی خوێندنەوەی شێوازگەلی جۆراوجۆر بە چەشنێک لە کۆتاییدا بەرەو ئەو ئاقارە بڕوات فێرخواز باوەر بە خۆیی تێدا دروست بێت و بە هێزی زانست و توانست و سەر بە خۆیی ئامادی خوێندنەوەی بەرهەمی کەسانیتری هەبێت و دوور کەوێت لە لاسایی کردنەوە.پێویستە سەرنجی گیان و ڕۆحیاتی کەسانەیی فێرخواز بدرێت بە چەشنی هێزەکی و هانی فێرخواز بدرێت بە دوای بوونی خۆیدا بگەرێت، هەروەها هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوە و نرخ دانان و بە هێز کردنی بەها دەروونیەکانی دیار و نادیاری خۆی بە مەبەستی دروستکردنی نەوەیەکی خاوەن باوەر و هۆشمەند و هیوادار و نوێخواز و داهێنەر، کە گرینگایەتیەکی تایبەتی هەیە.
تیۆری = ناسینی تێکنیک گەلی جیاواز و شەرحی شێوازی کارکردن و کاریگەری ئەو تێکنیکانە بە سەر هەست و هزری بینەردا.
کرداری = تاقیکردنەوە و ئەزموون لە سەر ڕەنگەکان، کەرەستەی وەک فلّچە و شفرە و مەوادی تر لە سەر کاغەز و کانڤاس یان دیوار بە دروستکردنی ئاژوساو.
خوێندنەوەی ئەزمونگەلی جیاوازی بینین و جۆری هەڵسوکەوتی هونەرمەندان دەگەڵ مرۆڤ و دەورووبەر.
خوێندنەوەی ە ئەزموونی ڕێگا و ڕەوشتی تێکنیکی وەک : (سڕینەوە، کەم و زۆر کردن ) لە کاتی نیگارکێشاندا.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

بەر لەوەی دەست بکەین بە وانەکەمان لە کاتی خۆیدا ، پاشی سڵاو و بە خێر هاتنیان و ئامادەبوونیان لە سەر کلاس، لیستی ئامادەبوون و نەبوونی فێرخوازان دەنووسم و پاشان ئەرکەکانیان پێ دەڵێمەوە و داوای واجیبەکانیان لێدەکەم و ڕێنوێنی پێویستیان ئەدەمێ و نمرەیان بۆ دادەنێم،( ئەوە نزیک بە ٤٥ خولەکی دەوێت). ئەوجا فێرخوازان خۆ ئامادە دەکەن بۆ ئەنجامی وانەی نێو پۆل و لە بەر ئەوەی هەفتەی پێشتر ڕێنماییم کردوون و کورس بوکەکەیان لە بەر دەست بووە ، دەزانن چ بکەن . ئەگەر مۆدێل بێت ئەوە مۆدێل لە شوێنی دیاریکراو دادەنیشێت و فێرخوازان لە سەر ئەو ڕێبازەی داوایان لێکراوە کار دەکەن، ئەگەریش سروشتی بێگیان (ستیل لایف) بێت یان کاری خەیالی ئەوەش تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەو شێوە ئیش دەکەن و منیش تا کۆتایی وانەکە بە سەریانەوەم و تێبینی و ڕێنوێنیان ئەدەمێ ؛ ئەگەر پرسیار یان گرفتێکیان هەبێت هەوڵ ئەدەم تا ئەو جێ مەجال هەبێت بۆیان جێبە جێ کەم و نمرەی کاری نێو پۆلیان بۆ دادەنێم، نێو کاتژمێری کۆتایی کلاس، بەرنامەی هەفتەی داهاتوویان بۆ شی دەکەمەوە. لیستی ئامادە بووان جارێکیتر دەخوێنمەوە و ئەوەی نەمابێت ئەوە ناوی دەنووسم و کۆتایش ماڵئاوا.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

هەوڵبەتە سوود لەو تێکنۆلۆجیانە وەردەگرین بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی فێرخوازانمان و ڕۆژگەلی تایبەتمان هەیە بۆ تەماشا کردن و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەرمەندانی جیهانی، بەڵام پتر لە نێو ژووری وێنەکێشان خەریکی ئەنجامی کارین .

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

ئەم قۆناغە بۆ فێرخواز زۆر هەستیارە، ساڵی ٤ و لە کۆتاییدایە، لە بەر ئەوە زۆر هەستیارە لە سەرنمرەکانی و جاری وایە

دەگەڵ هاوپۆلەکانی دەکەوێتە نێو موونافسەیەکی چڕ و پڕەوە تەنانەت داوێنی مامۆستاش دەگرێتەوە، لە بەر ئەوەی وانەکەم کردارییە شێوازی دانانی نمرەکەم لە سەر ٤٠+٦٠ -یە.فێرخواز پاشی ئەوەی لە نێو پۆلدا کاری کرد نمرەی نێو پۆل کە لە سەر ١٠٪ وەردەگرێت، لە ماڵەوەش هەمیسان ڕاهێنان لە سەر ئەو وانەیە دەکاتەوە دەیهێنێتەوە بۆ کۆلێژ و من تێبینی و ڕێنوێنی پێویستی ئەدەمێ و لە سەر ١٠٪ نمرەی بۆ دادەنێم، کۆی ئەو دوو نمرەیە لە کۆتایی وەرزەکاندا وەک چالاکی کاریگەری دەبێت لە بەرز و نزمی نمرەی گشتی فێرخوازەکە. ئەگەر وەرزێک ڕەچاو کەین کە لەوە ٣٠٪ بۆ مامۆستای وانەکە بێت( ١٠٪ بۆ چالاکی و ٢٠٪ -یش بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی) و ٣٠٪ بۆ لیژنەی ٣ کەسی مامۆستایانی پسپۆری مادەکە، کۆ دەکرێتەوە دەبێتە نمرەی کۆتایی وەرز.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

١- ناساندنی چەند ڕێبازێکی سەرەکی کە پەیوەندی بە پرۆژەکەیانەوە بێت وەک ریالیزم و ناتوریالیزم لە وەرزی یەکەمدا و ئابستراکت (ئەندازەیی و نا ئەندازەیی ) لە وەرزی دووهەمدا.
٢- ئەزموون و تاقیکردنەوەی کەرەستە و تێکنیکی جۆراوجۆر.
٣- گرینگی دان بە داهێنانی هونەریی فێرخوازان.
٤- فێریان دەکەین چۆن کارەکانیان چارچێوە بکەن.
٥- ڕێنوێنی و ئامادەکردنیان بۆ دانانی پیشانگا و ئەنجامی پرۆژە.
٦- ئامادەکردنیانە بۆ ئەنجامی کاری هونەری لە دەرەوەی کۆلێژ و ڕاگرتنی بەرهەمەکەیان بە شێوەی DVD- MEMORY- FILM یان هەر شتێکیتر و پیشاندانەوەی لە شوێنێکیتر.
- لە ڕاستیدا ئامانجی ئێمە ئەوەیە دوو تیپ پەروەردە بکەین : ١- هونەرمەندی پرفێشنالی باش و داهێنەرکە خۆی پاشی دەرچوون و تەخەروج بێئەوەی لە شوێنێک دامەزرێت لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێت و بەرهەمهێنی کاریش بێت، بە یارمەتی دەوڵەت و سوود وەرگرتن لە سولفە، بۆ خۆی گالەری و کارگەی هونەری دامەزرێنێت و بەرهەمەکانی پێشکەش بکات. دەکرێ وەک ستافی لیژنەی ڕازاندنەوە و جوانکاری شار و شارەگوندەکان ، نێو کتێبخانە و قوتانخانە و فێرگەکان ، شوێنە گشتیەکان سوودی لێ وەربگیرێت تا کاریگەری هەبێت لە سەر بەرز بوونەوەی ئاستی زانستی و هونەری جەماوەر ، دەکرێ هاوکاری بەردەوام یان کاتی بێت دەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بەرێوەبردنی چالاکیە هونەرییەکان – بۆنەکان – یانیش وەک ئەندامی لیژنە سوودیان لێوەربگیرێت بۆ هەڵسەنگاندن ە هەڵبژاردنی یەکەمەکانی ساڵانەی بەینالی هونەری و، هەروەها کار ئاسانیان بۆ بکرێت بۆ بەشداریکردن لە فستیڤاڵ و پیشانگا جیهانییەکان لە بەر ئەوەی هونەرمەندی نوخبە، سەرمایەی وڵاتە و لە ناساندنی ئێمە بۆ دەرەوە دەوری هەیە، هەر وەک گەلان و وڵاتانی تر دەیکەن.
٢- مامۆستایەکی باش کە خەبیر و لێهاتویە بەڵام خۆی داهێنەر نییە، شارەزایی لە تەواو تێکنیکە هونەریەکانا هەیە و دەکرێت لە شوێنە پەروەردەییە فەرمی و نافەرمییەکاندا سوودی لێ وەربگیرێت. ئەو جۆرە مامۆستایانە دەتوانن دەگەڵ چەند مامۆستایەکی پسپۆریتر شێوە ڕێکخراوێکی فێرگەیی هونەری دامەزرێنن و تێیدا فێرخواز پەروەردە و ئامادە کەن بۆ کۆلێژ یان پەیمانگاکان . دەکرێ پاڵپشتی بکرێن بۆ دانانی کارگەی هونەری بۆ بەرهەمهێنانی هونەری، یانیش دەکرێ لە نێو کۆلێژ و پەیمانگا وەک کارمەندی باش سوودمەند بن و هەر لەوێش درێژە بە خوێندنیان بدەن و پلەیان بەرز کەنەوە تا ئاستی مامۆستای لێهاتوو. بە هەرحاڵ دامەزراندنی کەسێک کە لە نێو کۆلێژی هونەر خوێندوویەتی و شارەزایی تەواوی هەیە دەگەڵ کەسێکی نامۆ بە ئەرک و ئیشی هونەر تەوفیری زۆرە .

**16. لیستی سەرچاوە**


- بەداخەوە سەرچاوە بە زمانی کوردی کەمە و لە لایەن خودی زانکۆشەوە بۆ ئەم کارە ، کارئاسانی ناکرێت، تا کتێب و گوتار وەربگێردرێت. تەنیا سەرچاوە لە سێ چوار دانە تێپەر ناکات و ئەوەس لە دەرەوەی ئاکادیمیای خۆمان کراوە. پەرتووکی هونەری گارا، پەرتووکی ڕەنگەکانی جەزا بەکر، هونەری ئابسترە ئێکسپێرشوینیزم لە کوردستان وەهبی ڕەسوڵ. ناچار بۆخۆم لە سەرکلاس بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە فارسییەکان ، ڕاستەوخۆ بۆیان وەردەگێرمە سەر زمانی کوردی.
- Lynton Norbert- The story of Modern Art (Phaidon press. ltd . 1999) وەرگێرانی بۆ سەر زمانی فارسی – علی رامین – تهران- نشر نی ١٣٨٢.
- دایرەالمعارف هنر- رویین پاکباز – سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی – چاپ پنجم ١٣٨٥.
- جهانی شدن و هنر جدید – ادوارد لوسی اسمیت – ترجمە ی علیرضا سمیع ازر – تهران نظر ١٣٨٢ .
- چهرەسازی با رنگ و روغن در ١٠ درس، بلیسا وندون، ترجمە سعدا خلجستانی، انتسارات بهار.

- نقاشی از روی آثار مشاهیر ، پارامون خوزه، ترجمه قاسم روبین – تهران، نشر نی، چاپ اول ١٣٧٨.
- کمپۆزسیۆن در نقاشی، فرند دیوید ، ترجمه عزت الله نورپرور، انتشارات عصرجدید، چاپ دوم، بهمن ماه ١٣٨٥.

- گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت):

- www. Art net.com
- www.Art Eduction


| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| وانەکە ٤ کات ژمێرە – ١ کاتژمێر تیۆریە و ٣ کاتژمێر پراتیک ، وانەی تیۆروپراتیک تەواوکەری یەکن ،باس دەکەین و ئەنجامی ئەدەین :<br>پرۆگرامی هەفتانە:<br>١- ناسینی یەکتری و پێناسەی وانەکە بە گشتی بۆ ئەوەی ئاستی فێرخوازان بزانین چەندە، هانیان ئەدەین تا کار بکەن.<br><br>٢-کار لە سەر بازنەی رەنگی یوهانس ئیتەن ( بۆ ناسینی رەنگەکان و هەروەها رەنگە دژبەرەکان).<br><br>٣- کار لە سەر بازنەی رەنگ – تاقیکردنەوە و چاودێری.<br><br>٤- کار لە سەر دوو رەنگی رەش و سپی وەک نیهایەتی کۆنتراست – هەم لە سەر کاغەز و هەمیش لە سەر کانڤاس.<br><br>٥- راهێنان لە سەر رەش و سپی لە سەر کانڤاس بە مەبەستی دروستکردنی تۆنات و بارست (حجم).<br><br>٦- راهێنان لە سەر رەش و سپی و رەنگی زەرد بە فڵچە و شفرە ( رەنگی رۆنی یان ئاکرلیک ).<br><br>٧- راهێنان لە سەر سروشتی بێگیان ( ستیل لایف) بە پرۆژێکتۆر .<br><br>٨- راهێنان لە سەر سروشتی بێگیان ( ستیل لایڤ) بە پرۆژێکتۆر لە سەر کانڤاس.<br><br>٩- راهێنان لە سەر روخسار(پۆرترێت) بە رەش و سپی و رەنگی زەرد.<br><br>١٠- کار لە سەر رەنگی رەش و سپی و پرتەقالی .<br><br>١١- کار لە سەر رەنگی رەش و سپی و کەسک یان شین ( دەکرێ لە سەر روخسار یان پۆرترێت بێت).<br><br>١٢- راهێنان لە سەر رەنگە دژبەرەکان ، دروستکردنی تۆنات.<br><br>١٣- بە کار هێنانی کەرەستەی وەک شفرە، پەرۆ، فڵچە ی پان (سرینەوە و کەم و زۆر کردنی رەنگ). | محمد سالح رۆستەم زادە (نامۆ)<br>وەک: ١ کاتژمێر<br>١١/٩/٢٠٢٢--١٢/٩/٢٠٢٢ |

| | |
|---|---|
| ١٤- تەماشای بەرهەمی هونەرمەندان دەکەین بە داتاشۆ ، راهێنان لە نێو پۆل.<br><br>١٥- راهێنان لە سەر دانانی رەنگی گەرم و سارد لە زەمینەی بنەوە و دانانی رووبەری رەنگی سارد یان گەرم و بە کار هێنانی شفرە هەم بۆ دانانی رەنگ و هەم سڕین و رووشاندن (١) .<br><br>١٦- تاقیکاری کۆتایی سمستەری ١ | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)<br>هەرئەو پرۆگرامەی وا بۆ تیۆری دامناوە یەک شتن | |
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. | ناوی مامۆستا<br>وەک: ٣کاتژمێر<br>١٢/٩/٢٠٢٢--١١/٩/٢٠٢٢ |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**20. تێبینی تر**

وانەکەم کرداریە و ئەو پرسیارانەی سەرەوە هەڵناگرێت. پێویستە دڵنیایی جۆری فۆرمی تایبەت بۆ ئەو کۆلێژانەی هەبێت کە زۆربەی چالاکیەکانیان بە چەشنی کردارییە و خاڵی تایبەتیشی بۆ دیاری بکرێت.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.